**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان – کۆمیتەی ڕۆژهەڵات**

Kurdistan National Congress (KNC)
Kongrey Nîştmanîya Kurdistan

**WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,**
**W 6 9 L P, U K. E-mail; wka@knc.org.uk**

# پەیامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

# بۆیادی 30 ساڵەی، جەنگی 24 ڕۆژەی شاری سنە!

**خوشکوبرایانی هێژا!**
**ئامادەبوانی بەڕێز!**

**لەگەڵ سڵاوێکی گەرم**

30 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، بەنەخشە و پیلانی بەکرێگیراوانی کۆماری تازەدامەزراوی ئیسلامیی ئێران، شەڕێکی ناڕەوا بەسەر دانیشتوانی شاری سنەدا سەپێندرا و، بەهەزاران ژن و پیاو ومنداڵ و پیروپەککەوتە شەهید و بریندارکران و، زەرەروزیانێکی زۆریش  لەماڵ و سامانی خەڵک درا.

هۆی سەرەکیی هێرشی دڕندانەی سوپای ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لەوەوەهات، کە پاش ڕووخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا، هێندێک ناوچەی کوردستان وەک **پارێزگەی سنە و ورمێ** لەدەستی کورد خۆیدا بوون و، نیمچە ئازادییەکی سیاسی ورۆشنبیریی لەو دوو مەڵبەندەدا سەریهەڵدابوو. حیزبە سیاسییەکانی کورد و ئێرانیی، بەبێ هیچ ترس و کێشەیەک، چالاکیی سیاسیی خۆیانیان دەبردبەڕێوە. بێگومان، بەردەوامیی ئەم کەشهئازادە سیاسییە کە لە کوردستاندا هەبوو، کاریگەریی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان - وەک **کرماشان و ئیلام و لۆڕستان** و، هەروەها لەسەر گەلانی دیکەی ئێرانیش دادەنا، کە ئەمە بەهیچ چەشنێک لەگەڵ بیروباوەڕی ئایەتۆڵڵا خومەینی و، ئامانجی داگیرکەرانەی ڕژێمەکەیدا نەدەگونجا، کە بەتەمابوون سیستەمێکی بنچینەگرانەی ئیسلامیی لەئێران دامەزرێنن و، شۆرشەکەیان لەئێرانەوە هەناردەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، وڵاتانی موسڵمان لەجیهان بکەن. لەبەرئەوە، هەڵگیرسانی شەڕی سنە لەلایەن ڕژێمی ئیسلامییەوە، زەوینەی خۆئامادەکردن و، هێرشێکی بەرفرەتر بوو، بەمەبەستی داگیرکردنەوەی یەکجارەکیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**ئەورۆکە، پاش 30 ساڵ، لەستۆکهۆڵم پێتەختی وڵاتی سوێد، لەکات و بارودۆخێکدا یادی شەهیدانی شەڕی 24 رۆژەی سنە و یادی دەیانهەزار شەهیدی دیکەی گەلەکەمان دەکەینەوە، کە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، دەیان کیلۆمەتر دوورتر لە خەڵک و زێدی خۆیان، لە بەشێکی دیکەی کوردستان و، لە ئۆروپا، سەرقاڵی دەستەودەستەگەرێتی و تیرۆری کەسیتیی یەکدی و، پاوانخوازی و دابڕانی لەسەریەک و، شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆیین. لەباتی سازکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و، دارشتنی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی هاوبەش، هەر دوو، یان سێ حیزب و رێکخراوە لەچەند بەرەیەکی ناکۆک و دژبەیەکدا جییانگرتووە و، هەر لایەنەش، بەجیا لەهەوڵدایە تا لەلایەن کۆرو کۆمەڵی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەدەرەوە و لەنێوخۆدا، بەرەسمی بناسرێت.**

چارەسەریی ئەم سەرلێشێواوی و قەیرانەسیاسییە، تەنیا و تەنیا بەنواندنی هەڵوێستی بوێرانە و پێرەوکردنی باوەڕ و پرنسیپی نەتەوەیی دەکرێت. لەبەرئەوە داوا لەتێکڕای حیزب و رێکخراوەسیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دەکەین، لەبەرامبەر رژێمی خوێنڕێژ و داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەرەیەکی نەتەوەیی پێکبهێنن و، ئامانج و داخوازییەکانی گەلی کورد و، شەهیدان بهێننەدی و، ستراتیژ و بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد، بکەن بە رێباز و بەرنامەی خەبات و تێکۆشینیان.

**لەکۆتاییدا، سوپاس و دەستخۆشیی لە کۆمیتەی بەرێوەبەریی یادی شەڕی 24 رۆژەی سنە دەکەین، کە دەستپێشخەربوون لەئەنجامدانی ئەم یادە پیرۆزەدا. هیوادارین، ئەم هەنگاوە ببێتە زەوینەی چالاکییەکی بەردەوام بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی هەموو ئەو رووداو و کارەساتەدڵتەزێنانەی کە بەسەر نەتەوەکەمان هاتوون، بۆ ئەوەی بتوانین، لەلایەک کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی لەکردەوەی نامرۆڤانەی داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر گەلەکەمان ئاگادار بکەین، لەئالیی دیکەشەوە، مێژوویەکی راست و روون لە رووداو و کارەساتەکان بۆ وەچەکانی داهاتووی گەلەکەمان بەجێ بێڵین.**

**هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی شاری سنە و هەموو شەهیدانی رێی پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

24/4/201


KNC
P.B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway

www.knc.org.uk
0047 - 93839953
www.kncsite.com

knc@ribrahim.de
post@kncsite.com